بەهۆی ئەوانەوە خوای گەورە لە تاوانەکانی خۆش دەبێت

لە ئەبی سەعیدی خودری وئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هیچ مسوڵمانێک نییە کە تووشی: هیلاک بوونێک یان نەخۆشیەک یان خەفەت ودڵتەنگیەک یان ئازار وناڕەحەتیەک بێت یان هەتا تەنانەت ئەگەر دڕکێکیش بچێت بە پێیدا ؛ ئەوا بەهۆی ئەوانەوە خوای گەورە لە تاوانەکانی خۆش دەبێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە ئەوەی تووشی مسوڵمان دەبێت لە نەخۆشی وغەم وخەفەت وناڕەحەتی وکارەسات وترس وبرسێتی -تەنانەت ئەگەر دڕکێکیش بچێت بەپێیدا وتووشی ئازاری بکات-، ئەمانە دەبنە هۆی کەفارەت بۆ گوناهەکانی ودەیسڕنەوە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3701